# جۆرەكانی زەبروزەنگ لەبەرامبەر ژناندا وە شیوەی چارەسەر كردنی

لە دریژەی زنجیرەیەك لە خول وە ورك شوب بۆ هەلسوراوان وە نوینەرانی ریكخراوەكانی ژنان وە مافی مرۆڤ لە رۆژی 10-2-2007 دەورەیەك بۆ 60 لە مامۆستایانی ژنوو پیاو وە نوینەرانی ریكخراوەكانی ژنان لە شاری كەركوك لە ناوەندی كازیوە لە ژیر ناونیشانی ( جۆرەكانی زەبروزەنگ لەبەرامبەر ژناندا وە شیوەی چارەسەر كردنی) ریكخرا.



لەم دەورەیەدا هلالە رافع جۆرەكانی زەبروزەنگ لە خیزان لە بازاری كار وە لەكۆمەلگادا بەگشتی خستە بەر باسو لیكۆلینەوە، ئەویش بە پیی ئەو باروودۆخە ناهەموارەی كە ژنانی عیراق وە كوردستانی تیدا دەژی كەلەسەرەتاییترین مافەكانیان بەهرەمەند نین تەنانەت لە بچوكترینیان كە چونەدەرەوەیە لەدەرگای مال "بەبی حجاب" تا بەشداری كردن لە مەیدانی سیاسی وە ئابووری كۆمەلگا، وە دەرەنجامەكانی لە ترس و لیدان و تەهدید تا فراندن، تەعەدا، بیحورمەتی، ئەتكو كوشتن تا خۆسوتاندن . وە لە هەمان كاتدا دەورونەخش وە هۆكاری دەسەلات وە یاساو ئایین بەسەر ئەم دیاردەیەدا خستە روو وە باسی لەسەر كرا.

پاشان سەبارەت بە شیوە وە ریگای جۆراوجۆر بەپیی ئەزمونیك كە بزووتنەوەی ژنانی ولاتانی ئەوروپا پیی گەیشتون وە بە ریكخستنی ئەو شیوازانە لەگەل بارووودۆخی كوردستاندا بۆ چارەسەر كردنی ئەو كیشەیە خستە روو.



لەم نیوەدا قسە لەسەر دەوری یاسا وە دامودەزگا دەولەتیەكان وەك دەزگاكانی كاروباری كۆمەلایەتی، قوتابخانەكان وە دادگاو وە پەیوەندی ئەمانە هەموو بە خیزان وە ژنانی خاوەن كیشەوە.

شایانی باسە كە لەو دەورەیەدا كەسانیك ئامادە بوبون كە رۆژانە دەستوپەنجە لەگەل نەهامەتیەكانی خەلك بەگشتی نەرم دەكەن وە لەنزیكەوە ئاگاداری زەبروزەنگیكی بی وینەن كە بەسەر ژنانەوەیە، وە زۆر تامەزرۆبوون بۆ قسەوباس كردن لەسەر ئەو دیاردە دزیوانە وە تەنانەت زۆرجار خۆشیان بەشیكن لەو قوربانیانەی ناو كۆمەلگا.

**ئامادەبوان بە شۆروشەوقەوە بەشداری چالاکانەیان لە باسەکاندا کرد، وە جەختیان لەسەر گرنگی وە پیویستی ئەو جۆرە بابەتە عەمەلیانە کردەوە کە بە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خۆیان وە دەوروبوریانەوە هەیە.**

**ئیمەش لەهەولی بەردەوامیداین وە هیواداریین هەر کەسیك ئامادەیە بەهەرشیوەیەك بیت ئەرکیك لە سەر ژنانی کوردستان سوك بکات پەیوەندیمان پیوە بکات بۆ هاوکاری زیاتر.**


**پەیمانگای یەکسانی بۆ چارەسەری زەبروزەنگ وە کیشە کۆمەلایەتیەکان**

**ریکخەری گشتی** **هلاله رافع**
0046739084190
halala_rafii@yahoo.com

**بەشی کە رکوك** **منى صالح**
009647701241468
munakerkuk@yahoo.com